OCHA
# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق
ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ٢٥ (١٣ی دیسەمبەر–١٩ی دیسەمبەر)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ١٣ی دیسەمبەر هەتا ١٩ی دیسەمبەر لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٥/١/٤ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- بەردەوامی ململانێ لە ئەنبار و موسڵ و سەڵاحەددین و دیالە ئاوارەبوونی نوێ ی هێناوەتە کایەوە.
- ٢٣٠٠٠ کەس بەرەو خێوەتگەکان جولاون لەسەرتاسەری عێراق بە کەمتر لە مانگێك لە جۆرەکانی تری شوێنی نیشتەجێبوون (لەوانە باڵەخانە تەواو نەکراوەکان و چۆڵکراوەکان).
- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان بەردەوامی هەیە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان کە ڕێگریان لێکراوە بچنە ژوورەوە بۆ شوێنە سەلامەتەکان لە کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و بۆ شاری خانەقین لە پارێزگای دیالە.
- کەمتر لە سێ چارەگی ١٢ ملیۆن لیتری نەوت بەڵێندرابوو بە ئاوارە ناوەخۆییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دابەش کراون.



منداڵانی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە خێوەتگەیەك لە پارێزگای دهۆك
ئۆتچا/ دەیڤید سوانسۆن

## تێڕوانینێکی بارودۆخەکە

وەکو دەرەنجامی بەردەوامی ململانێ لە نێوان هێزە عێراقیەکان و گروپە چەکدارەکان، خەڵك بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاوارەبوون بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ئەنبار، بەڵام لە ناوەوەی پارێزگاکانی کەرکوك و موسڵ و سەڵاحەددین و دیالە. لە کەرکوك، کۆی زیادبوونێکی ١٠١٩٠ ئاوارەی ناوەخۆیی هەبوون کە دەکاتە (٤٩٢٠ کەس لە داقوق و ٥٢٧٠ کەس لە ناوچەکانی سەنتەری کەرکوك). ٢٢٠٠ کەسی ئاوارەی تر لە ئەنباریش تۆمارکراون هەروەك لە خۆگرتنی باشتری ئەم هەفتەیە لەلایەن تیمەکانی ڕاپۆرتکردنی مەیدانی کە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی ئەو خەڵکانەی کە لە سەڵاحەددینەوە ئاوارەبوون، لە ناوچەکانی ئەلعەلەم و بێجی. زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئامادەکاریەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە کاتی ئێستادا نوێکراوەتەوە. بۆ سەڵاحەددین، هاوکارانی مرۆیی زیادبوونێکی ٢٥٥٠ کەسیان پشت ڕاستکردۆتەوە لە قەزای فارس بەهۆی بەردەوامی توندوتیژی لە ناوچەی ئەلعەلەم، هەروەها پێکدادانەکانی ئەم دواییە لە قەزای بەلەد.

شەڕو شۆڕ لەم هەفتەیە لە دەوروبەری ئەلبەغدادی لە قەزای هیت دەستی پێکرد لە پارێزگای ئەنبار، لەوانە گوندەکانی ژێخە و ئەلدولەپ، و مەحبوبیە، کە بووە هۆی مردنی هاووڵاتیان و ئاوارەبوونی زیاتر. چەند خەڵکێکی گەنج وەکو بەندکراو بردران، لەوکاتەی ئەوانی تر هەڵاتوون یان بەرەو بیابانی نزیك لەوێ یان بەرەو شەقامی شارەکەی حەدیثە. ئەلبەغدادی لە ئێستادا لە بارودۆخێکی خراپ دایە، کە دووچاری کەم و کورتی لە کەل و پەلە سەرەکیەکانی خۆراك دەبنەوە، بە گوێرەی هاوکارانی مرۆیی، چاودێرانی مەیدانیش ڕاپۆرتی کەم و کورتی لە دەرمانەکان دەکەن. سەنتەرەکانی تەندروستی سەرەتایی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ زۆرترین حاڵەتە بەپەلەکان بکەن، لەوانە برینداریەکان و گەیاندنی منداڵ ساوایەکان. دەسەڵاتداران جەختیان لەسەر قەدەغەکردنی هاتووچۆ کردۆتەوە بە سنوردارکردنی جۆلانەوەی دانیشتووان. پێکدادانەکانیش لە گوندە ستراتیژیەکان سەریان هەڵداوە لەسەر ڕێگای ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا لە نێوان ڕومادی و هیت. وەکو دەرەنجامێك بەهۆی ئەم شەڕوشۆڕەوە، ئاوارەبوونی زیاتر دەست نیشانکراون. هەروەك لە ئەلبەغدادی، خێزانە ئاوارەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی کەم و کورتی شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراك و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بۆشاییە زۆر گرنگەکان لە نەوت و دەست گەیشتن بە چاودێری تەندروستی. چاودێرانی مەیدانی کۆی ٤٨٠ خێزانیان پشت ڕاست کردۆتەوە، نزیکەی ٢٨٨٠ خەڵك، لە ئەلبەغدادی کە قەزای هیت و ڕومادی ئاوارەبوون.
زۆربەی خەڵکی ئاوارە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە ناو خودی کۆمەڵگا ناوەخۆییەکان دۆزیوەتەوە، هەرچەندە ژمارەیەکی بچووك لە شوێن

بۆ زانیاری زیاتر، "ئەو دیوی قەیرانەکە ببینە" لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە

نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان و قوتابخانەکان و باڵەخانە تەواونەکراوەکان نیشتەجێبوون. دەست گەیشتن بەو ناوچانە بەردەوامە لە دووچاربوونەوەی ئاستەنگی بەهۆی بەردەوامی نەبوونی ئەمن و ئاسایش.

ڕاپۆرتی گروپی بەڕێوەبردنی خێوەتگە و هەماهەنگی خێوەتگە لە ڕۆژی (١٤ی دیسەمبەر) ئەوە نیشان دەدات کە دانیشتوانێکی خێوەتگەی ئێستا کە زیاترە لە ١٢٧٦٠٠ خەڵك لە هەرێمی کوردستانی عێراق پەرش و بڵاوەبوون لە سەرتاسەری ١٣ خێوەتگە. زیاتر لە دوو هەفتەیە، زیاتر لە ٢٣٠٠٠ کەسی ئاوارە جولاون بۆ ناو خێوەتگەکان لە جۆرەکانی تری شوێنی نیشتەجێبوون (لەوانە باڵەخانە چۆڵکراوەکان و تەواونەکراوەکان). لە تەواوی وولات، کۆی دانیشتوانی خێوەتگە ئێستا زیاتر لە ١٦٠٧٠٠ خەڵك دەبێت، لەگەڵ ٢٦ خێوەتگە کەوا کراونەتەوە، لەوانە دووانیان نافەرمین. لەهەمان کاتدا، سەنتەری کۆکردنەوەی دانیشتوانان لە هەولێر بەشێوەیەکی زۆر نەگۆراوە.

حکومەت خێوەتگەی ئاوارەی مام ئەلیانی لە پارێزگای دهۆك کە ئێستا کراوەتەوە بنیات ناوە. خێوەتگەکە تەواو نەبووە لەگەڵ هەندێ کێشەی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی کە هێشتا هەڵپەسێردراوە. خێوەتگەی ئێسیان، کە هەفتەی ڕابردوو کرایەوە، پێش وەختە ١١٥٠ خێزان لە خۆ دەگرێت. ئێستا کە قوتابخانەکان لە دهۆك چۆڵکراون، قۆناغی داهاتووی کاری سەرەکی بۆ گواستنەوە بۆ ناو خێوەتگەکان بریتین لە ئاوارە ناوخۆییەکانی کە لە باڵەخانە گشتیەکان و چۆڵکراوەکان نیشتەجێبوون لە ناو شاری دهۆك.

بەگوێرەی نوێنەرانی پارێزگای دیالە، شارۆچکەکانی سەعدیە و جەلەولا دووبارە لە دەستی داعشەوە گرتراوەتەوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و دەوترێت کەوا سەلامەتن بۆ ئاوارە گەڕاوەکان. هەرچەندە، ئاوارە ناوخۆییەکان دوودڵن لە گەڕانەوە بەهۆی ئەوەی کە باڵەخانەکان تێکشکێندراون و پیسبوون بەهۆی ئامێری تەقەمەنی نەتەقێندراو. هەروەك خەڵکی بەنیازنین کەوا بجولێن، هاوکاری بۆ کەل و پەلەکانی وەرزی زستان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان هێشتا بە بەپەلە پێویستن لە سلێمانی. کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا لە ڕۆژی ١١ی دیسەمبەر، لەسەر داوای پارێزگاری دیالە، بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە کاردەکەن لەگەڵ ئاوارە ناوخۆییەکان لە خانەقین (پارێزگای دیالە)، کە ئامادەیی هەبوو لەلایەن پارێزگای دیالە، قائیمقامی خانەقین، و نوێنەرانی تری حکومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. پارێزگاری دیالە تیشکی خستە سەر پێویستی بۆ سەرنجی زیاتر و هاوکاری لەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان لە خانەقین و دیالە. حکومەتی ناوخۆ دەستنیشانی پارچە زەویەك دەکات لە خانەقین بۆ بنیاتنانی خێوەتگە کە دەتوانێ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان لە خۆ بگرێت لە یەك شوێن.

چاودێرانی پاراستن ڕاپۆرت دەکەن کە هێزەکانی ئاسایش لە خاڵەکانی پشکنین کاردەکەن بەردەوامن لە ڕێگرتن لە چوونەژوورەوە بۆ ناو خانەقین بۆ هەندێ لە خەڵکانی ئاوارە کە هەڵاتوون لە قەزاکانی تری پارێزگای دیالە، لەگەڵ بێجگەلە هەندێ خێزانی هەژار. بارودۆخێکی هاوشێوە ڕاپۆرتکراوە لە کەرکوك لەو شوێنەی کە ١٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی ڕاپۆرتکرابوون کە ڕێگریان لێکرابوو کە بپەڕنەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە پارێزگای ئەنبار. هاوکارانی پاراستن بەردەوامن لە چاودێریکردنی بارودۆخەکە لە خاڵەکانی چوونە ژوورەوە، بە تایبەتی لە کەرکوك، بۆ دڵنیاکردنەوەی چوونەژوورەوە لەلایەن ئاوارە ناوخۆییەکان و ئازادی لە جوولانەوە.

لە کۆی ١٢ ملیۆن لیتری نەوت کە بەڵێندرابوو لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ٥,٧٥ ملیۆن لیتر وەرگیراون لەلایەن پارێزگای دهۆك. تاوەکو ئیمڕۆ، حکومەتی ناوخۆ ٣,٧٥ ملیۆن لیتری سووتەمەنی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانی دابەشکردووە، لەوکاتەی دابەشکردنەکان لە هەولێر و سلێمانی هێشتا دەستی پێنەکردووە، بەهۆی دواکەوتنەکان لەگەڵ گرێبەستەکانی گواستنەوە، ئەو پارێزگایانە ١,٥ ملیۆن لیتری سووتەمەنیان وەرگرتوون لە (هەولێر) و ٥٠٠٠٠٠ لیتری سووتەمەنی لە (سلێمانی). کۆی پابەندبوونی ١٢ ملیۆن لیتری سووتەمەنی بەش ناکات بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان. شارەزایان پێشنیار دەکەن کە ئامانجەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لە دەوروبەری ٦٠٠ لیتری سووتەمەنی دەبێت بۆ هەر خێزانێك بۆ وەرزی زستان. لەبەرهەندێ، ٩٦ ملیۆن لیتری سووتەمەنی داواکراون بۆ سوودگەیاندن بە هەموو خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان بە دابین کردنی دابەشکردنەکانی ئامانجکراو بۆ هەژاران.

هەڵسەنگاندنێکی مانگی تەمووز تاوەکو مانگی ئاب لەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان و هاوکارانی حکومی ٧٦ لەسەدای وەڵامدەرەوان ڕاپۆرتیان کردووە لەبارەی گۆڕانەکانی هەڵسوکەوتی منداڵانی ئاوارە لەوەتەی قەیرانەکە، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی ئاژانسێکی ناوخۆیی پاراستنی منداڵ کە لەم هەفتەیە بڵاوکرایەوە. باوترین گۆڕانی هەڵسوکەوت بریتی بووە لە گریانی نا ئاسایی و قیژاندن لەگەڵ لەسەدا ٦٦ی کە ئەم گۆڕانەیان تێدا بینراوە بۆ کچان و لەسەدا ٤٩ بۆ کوران. سەرچاوە سەرەکیەکانی پاڵەپەستۆ لەوانە کەم و کورتی لە خۆراك؛ هێرشەکان؛ کەم و کورتی لە شوێنی نیشتەجێبوون؛ نەبوونی توانا بۆ ئامادەبوون لە قوتابخانە؛ نەبوونی توانا بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە؛ و جیابوونەوە لە برادەران. ڕاپۆرتەکە بە باشی دەزانێت بۆ زیادکردن لە دابین کردنی هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی و هاوکاری دەروونی، هەروەها زانیاری باشتر لە بارەی بەشدارییکردنی خزمەتگوزاریەکان و چۆنیەتی دەستپێگەیشتنیان. نزیکبوونەوەکان لەسەر بنەمای چەقی خێزانی و کۆمەڵگا بۆ پاراستنی منداڵان ئەوانیش بە باش زانراون.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە

پێویستیەکان:

- پێویستیە بەپەلەکان لە نێوان ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ کەل و پەلە ناخۆراکیەکان (کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی) هەروەها هیتەرەکانی ئاو گەرم کردن بۆ وەرزی زستان بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازار بەهۆی کەش و هەوای سەرمای زستان هەروەها پاك و خاوێنیەکی باش.

وەڵامدانەوە:

- ناوچەکانی ناوەڕاست و باشور:
  - ٨٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی ٨٠ کەل و پەلی سەرەکی ئاوی خێزانی بۆیان دابین کرابوو.
  - تانکەری ئاو بەردەوامی هەیە لەگەڵ برێکی ٢٢٠٧٠٠ لیتری ڕۆژانە کە گەیەنراون بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی زیاتر لە ١٨٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی (کە دەکاتە نزیکەی ١٠٩٥٠ کەس) لە ڕومادی.
  - هەروەها لە ڕومادی، ٥٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی کە دەکاتە (٢٨٠٠٠ کەس) بەشداریان کردووە لە دانیشتنەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی.
- کەرکوك:
  - ١٥٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە خێوەتگەی لەیلانی ئاوارە ناوەخۆییەکان دەستیان گەیشتووە بە ئاو کە بۆیان دابین کراوە لە ڕێگەی بنیاتنانی تۆڕەکانی ئاو، چەسپ کردنی دوو تانکی بەرزکراوەی ٢٠٠٠٠ لیتری بۆ هەر یەکەیان، چەسپ کردن و بەستانەوەی بە ٧٢ تانکی ئاو کە دەکاتە (٥٠٠٠ لیتر) و ١٠ تانکی کە دەکاتە (١٠٠٠٠ لیتر)، بنیاتنانی ٩٣ بنکەی کۆنکریتی، و بۆریەکانی بیری ئاو. هەروەها خێوەتگەی لەیلانیش دەست گەیشتن بە خاوێنکردنەوەی سەلامەت لە ڕێگەی چەسپکردنی زیاتر لە ٤٥٠ تەوالێتی فابریکی و حەمامەکان بۆیان دابین کراوە، هەڵکۆڵین بۆ زیاتر لە ٢٨٠ زێراب بۆ ئاوی ڕەش و ڕەساسی، بنیاتنانی زیاتر لە ١٢٠ بنکەی کۆنکریتی، بنیاتنانی تۆڕی بۆری ئاوی باران؛
  - خێوەتگەی لەیلان ماددەکانی پاك و خاوێنی بۆی دابین کراوە لە؛ هەروەك بۆ زیاتر لە ١٩٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە گوندی عبادەت، و زیاتر لە ١٢٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە خێوەتگەی یەحیاوەن؛ و
  - ١٦٥٠ خێزان کە دەکاتە (زیاتر لە ٨٥٠٠ کەس) لە خێوەتگەی نوێ و کۆنی عەلیاوە و بەهاری تازە کە دەست گەیشتن بە ئاوی سەلامەت بۆیان دابین کراوە لە ڕێگەی تانکەری ئاوی ڕۆژانە بۆ ٢٠٨٠٠٠ لیتری ئاو.

- سلێمانی: زیاتر لە ٦٨٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە خێوەتگەی گواستنەوەی عەربەت دەستیان دەگات بە ئاوی سەلامەت لە ڕێگەی تانکەری ئاوی ڕۆژانە بۆ ١٠٨٠٠٠ لیتری ئاو؛ پاك و خاوێنی باشترکراو، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك؛ وخاوێنکردنەوەی باشترکراو لە ڕێگەی چەسپ کردنی تەوالێتەکان و حەمامەکان، لەگەڵ کۆی ١٨٠ تەوالێت و ١٧٦ حەمام تاوەکو ئێمڕۆ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك ئامادەی بۆ کراوە وەکو کاری سەرەکی لە چەند خێوەتگەیەکی دانیشتوانی نوێ.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- نزیکەی ٨٠٠٠٠ خاوەنماڵ لەسەرتاسەری کۆمەڵگا خانەخوێکان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك، و لە ناوچەکانی زیان بەرکەوتووی ململانێ و کۆنترۆڵکراو لەلایەن حکومەتەوە لە پارێزگای موسڵ و سەلاحەددین و دیالە و کەرکوك و ئەنبار پێویستیان بە هاوکاری کشتوکاڵی هەیە وەکو تۆیەکانی دانەوێڵە و مەوادی کیمیاوی، خۆراك پێدانی ئاژەڵان وتۆیەکان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك و هاوکاری ژیان و گوزەران.

وەڵامدانەوە:

- لەوەتەی ١ی دیسەمبەر، زیاتر لە ٢٣٠٥٠٠ کەس هاوکاری خۆراکیان وەرگرتووە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك و دیالە و بەسرە و میسان و واسیت. لەوەی کە ٦٠٣٠٠ کەس هاوکاری خۆراکیان لەسەر بنەمای پسوولە وەرگرتووە.

- هاوکارانی گروپ دەستیان پێکردووە بە دابەشکردنی پسوولەی خۆراك لە پارێزگای سلێمانی، بە دەست پێکردن لەگەڵ قەزای دەربەندیخان لە ڕۆژی ١٤ی دیسەمبەر. زیاتر لە ٣٢٠٠ خەڵك کراونەتە ئامانج بۆ هاوکاری پسوولەی خۆراك لە ناوچەکەدا.ئەمەش سێیەمین پارێزگایە کە پرۆگرامی خۆراکی تێدا ئەنجام دراوە بۆ هاوکاریکردنی خەڵکانی ئاوارە.
- هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەل بۆ پارێزگای ئەنبار لەسەر ئەمن و ئاسایشی خۆراك، کشتوکاڵ و ژیان و گوزەران جێبەجێ کراوە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری ململانێ ی ئێستا لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان و ئاوارە ناوەخۆییەکان و بڕیاردان لە بارەی پێویستیە سەرەکیەکانیان.
- زیاتر لە ١٣٧٠٠ خێزانانی کە دانەوێڵە بەرهەم دەهێنن هاوکاری کراون لەگەڵ تۆیەکانی دانەوێڵە و مەوادی کیمیاوی بۆ وەرزی چاندنی زستان لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەددین و دهۆك و هەولێر و دیالە. نزیکەی ٤٢٥٠٠ خاوەن ماڵ لەوانە ئەوانەی کە داهاتیان کەمە و خاوەن ماڵی جوتیارانی هەژار لە پارێزگاکانی واسیت و دهۆك و سەلاحەددین و موسڵ و دیالە، کراونەتە ئامانج بۆ هاوکاری لەگەڵ پارەی کاش بۆ ئیش و کار، تۆی میوە و دابەشکردنی دەواجن بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، و هاوکاری لە ڕێگریکردن لە نەخۆشی ئاژەڵان.
- خۆراکی ئاژەڵان دابەش کرابوو لە پارێزگای دیالە بۆ ژمارەیەکی بچووك لە ئاژەڵان. کوتانە زۆرپێویستەکان بۆ ئاژەڵانیش گەیەنراونەتە دەستی دەسەڵاتدارانی بەشی ئاژەڵان لە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- یەکەمین پارەی کاش تاوەکو ئێستا بۆ پرۆگرامی کار لە عێراق لە پارێزگای دیالە دەست پێدەکات، کە دامەزراندنی کاتی دروست دەکات بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان و خێزانانی خانەخوێ لە ناوچەکانی زیان بەرکەوتووی ململانێ. پرۆگرامەکە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیی نۆژەن دەکاتەوە زیانی کشتوکاڵی پەیوەندیدار بە ژێرخان چاك دەکاتەوە، کە سوود دەگەیەنێت بە ١٠٥٠ پیاوان و ئافرەتانی لێنەهاتوو و نیمچە لێهاتوو. پارەی کاش بۆ هەڵسەنگاندنەکانی ئیش و کار بەردەوامیان هەیە لە پارێزگاکانی دهۆك و موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هاوکارانی گروپ کاردەکەن لە دەوروبەری سنورەکانی ئەمن و ئاستەنگی لە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیە ناوەخۆییەکان، کە بەردەوامن لە ئامادەبیان و دەتوانن لەو ناوچانە کاربکەن کە کۆنترۆڵکراوە لەلایەن گروپە چەکدارەکان.

## شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکانی کە ناخۆراکین

پێویستیەکان:

- دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلە ناخۆراکیەکانی بە زستانکراو بۆ زۆرترین ئاوارە ناوەخۆییە هەژارەکان وەکو یەکێك لە گرنگترین پێویستیە مرۆییەکان دەمێنێتەوە. هەروەك تیمەکانی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران و گروپەکە شیکاری زانیاریەکانیان دووبارە کردۆتەوە بۆ جۆرەکانی شوێنی نیشتەجێبوون، و ئاوارەبوون بەردەوامی هەیە، زانیاری نوێ ئەوە پیشان دەدات کە ژمارەی خێزانانی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە پێویستیان بە هاوکاری کەل و پەلی ناخۆراکی و شوێنی نیشتەجێبوون هەیە ڕووی لە زیادبوون کردووە بە شێوەیەکی بەرچاو لە خێوەتگەکانی (نزیکەی ١١٦٠٠ بۆ زیاتر لە ٢٧٢٠٠)، باڵەخانە تەواونەکراوەکان و چۆڵکراوەکان (نزیکەی ٥٠٤٠٠ بۆ زیاتر لە ٥٨٠٠٠) و شوێن نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان (لە ٨٨٤٠ بۆ نزیکەی ١١٩٠٠) لەسەرتاسەری وڵات.

وەڵامدانەوە:

- دابەشکردنەکانی نەوت، کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و شوێنی نیشتەجێبوون بەردەوامیان هەیە. هاوکاران دابەش کردنی پێداویستی شوێنی نیشتەجێبوونیان تەواو کردووە بۆ ١٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان دەژین لەو کاتەی دابەشکردن هێشتا بەردەوامی هەیە بۆ ٧٥ خێزان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. زیاتر لە ١٢٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی پێداویستی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و فەرشەکانیان وەرگرتووە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دابەشکردنی فەرش هێشتا بەردەوامی هەیە بۆ ٦٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە شێخ لەنگەر (سلێمانی).
- دابەشکردنەکانی شوێنی نیشتەجێبوون یارمەتی داوە بۆ گواستنەوەی زیاتر لە ٩٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی دەرەوەی قوتابخانەکان و باڵەخانە ئاینیەکان.
- هەروەها هاوکارانی گروپیش هەڵسەنگاندنەکانیان جێبەجێ کردووە بۆ باشتر تێگەیشتن لە پێویستیەکانی خێزانە ئاوارە ناوەخۆییە هەژارەکان و تازە گەیشتووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- دابەشکردنی نەوت پلانی بۆ دانراوە لەلایەن هاوکارێك بۆ ٥٠٠٠ خێزان لە سلێمانی بەڵام ئەمە پێویستی هەموو خێزانێك پڕناکاتەوە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نیگەرانیەکان ڕوو لە زیادبوون دان لە شوێنەکان لە هەندێ ناوچەی سنوری ناوەخۆی جێ ناکۆك، و شوێنەکانی کە دەکەونە نێوان میحوەرەکانی پارێزگاکە، وەکو ئاکرێ، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك هاوکاری نەکراون، لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوون، کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و هاوکاری مرۆیی تر.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

پێویستیەکان:

- سیستەمێکی زانیاری نەخشە دانانی ناوەند و هەماهەنگی کراو داواکراوە بۆ باشترین دەست نیشانکردنی بۆشاییەکان و دووبارەبوونەوەکان.
- پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبەرانی ڕاهێنان پێکراوی نوێ خێوەتگە وەکو کارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە.

وەڵامدانەوە:

- نەخشە دانانی بۆشاییەکان لە خێوەتگە نافەرمیەکان لە دهۆك بەردەوامی هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی بەردەوامی لە خزمەتگوزاریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٥.
- دەستپێشخەریەکانی ئاراستەکردن و ڕێبەریکردنی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە دانراون بۆ ئەوەی دەست پێ بکات لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥. کۆمەڵەیەکی تری بەڕێوەبەرانی خێوەتگەی داهاتوو پێشبینی دەکرێت کەوا ڕاهێنانیان پێ بکرێت لەلایەن پارێزگای دهۆك لە کۆتایی ئەم ساڵ.
- گواستنەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان بەردەوامی هەیە بۆ خێوەتگە نوییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارێزگای دهۆك لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریە سەرەکیەکان بەردەوامی هەیە لە دەست نیشانکردنیان لەلایەن هاوکاران و سوودمەندبووان لە خێوەتگەکانی دهۆك.
- جۆراوجۆری لە ستانداردەکان، جۆرەکان و جۆریێتی شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریەکان پێشبینی دەکرێن کە ببنە هۆی بەرەنگاربوونەوەیان لە نێوان هاووڵاتیانی خێوەتگە لە مانگەکانی داهاتوودا.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- ڕاپۆرتەکان هەن لەبارەی زیادبوونی دەستبەسەرکردنی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە هەردوو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کە خێوەتگە نین، ڕاپۆرتکراون کەوا بەهۆی گەشەسەندنی بێ متمانەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەخۆیی و کۆمەڵگاکان بەرەو ڕووی ئاوارە ناوەخۆییەکانی لەو ناوچانەوە دەگەن کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشن. ئەو ڕاپۆرتانە هێل لە ژێر پێویستیەکانی هاوکارانی پاراستن دەدەن بۆ ئەوەی ئامادە بکرێن بۆ زیادبوونێك لە داوا بۆ پاراستنی یاسایی و جەستەیی لەلایەن خێزانانی ئاوارەی ناوەخۆیی زیان بەرکەوتوو لەسەرتاسەریووڵات. سەرۆك وەزیرانیش فەرمانێکی جێبەجێکردنی دەرکرد کە جەخت دەکاتەوە لەسەر حکومڕانی یاسا، بەتایبەتی لەسەر دەستگیرکردن و گلدانەوە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند.

وەڵامدانەوە:

- لە ڕێگەی بەردەوامی چاودێریکردنی پاراستن، هەڵسەنگاندنەکانی پێویستیەکانی پاراستن کە ٧٧٦٠٠٠ کەسی گرتوتە خۆی کە لەوەتەی مانگی شوبات جێبەجێکراون لەسەرتاسەری ووڵات. لەو ژمارانە، ٢١٠٠٠ حالەت ڕەزامەندیان لەسەر دراوە بۆ هاوکاری کردنی پارەی کاش، ٣٨٢٥٠ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنەکان ئەنجام دراون بۆ ١٢٠٠٠ خەڵك بە پێدانی پێداویستیە تایبەتەکان.
- تیمەکانی پاراستن لە قەزای ناسریە کۆبوویەوە لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق لە پارێزگای زیقاربۆ چاوپیاخشاندنەوە بە بارودۆخی ئاوارەبوونی نوێ بۆ پارێزگاکە و باسکردنی بەرەنگاربوونەوە گەورەکان و پێویستیە بەپەلەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان.
- تیمەکانی تۆمارکردنی گەڕۆك ٢٥٠٠ خێزان و نزیکەی ١٢٠٠٠ کەس لە سلێمانی تۆمارکراون لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو. تیمەکانی پاراستنی گەڕۆك ئاسانکاریان کردووە لە تۆمارکردنی پێنج حالەت لەگەڵ نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێشتر نەیاتوانیبوو تۆمار بکەن هەروەك ئەوان هەندێ بەڵگەنامەی سەرەکیان بزرکردبوو. تیمەکانی پاراستنی گەڕۆك لە سلێمانی بەردەوامن لە دەست نیشانکردنی ئاوارە ناوەخۆییە هەژارەکان، لەوانە ئەو ئاوارە ناوەخۆییانەی کە مەترسی توندوتیژی خێزانیان لێدەکرێت، ئەوانەی کە بەبێ شوێنی نیشتەجێبوونی تەواون و ئەوانەی کە ڕووبەڕووی سنوورداریەکان دەبنەوە لەسەر ئازادی لە جولانەوەیان. تیمە گەڕۆکەکان کاریان کردووە بۆ دەستنیشانکردنی چارەسەریەکان بۆ حاڵەتە هاوشێوەکان لەوانە بانگەشە لەگەڵ دەسەڵاتداران، هاوکاری کردنی ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ جولانەوە بۆ خێوەتگەکان، لەوکاتەی تیمە یاساییەکان لە پارێزگا ڕاوێژکردنی یاساییان دابین کردووە بۆ ٢٤ سوودمەندبوو و هاوکاری یاسایی بۆ ١٦ حالەت.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- زیاتر لە ٥٠٠ قوتابخانە هێشتا وەکو شوێنی نیشتەجێبوون لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان بەکاردەهێندرێن لەسەرتاسەری عێراق و ١٣٠ قوتابخانە بە داگیرکراوی دەمێننەوە لەلایەن هێزە سەربازیەکان لەسەرتاسەری وولات.
- لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئاوارە ناوەخۆییەکان، ژمارەی منداڵان کە داوای دەست گەیشتن دەکەن بە پەروەردە لەسەرتاسەری عێراق ئەویش زیادی کردووە، بەتایبەتی لە دامەزراوەکانی کە خێوەتگە نین. لەگەڵ وەها ژمارەیەکی زۆر لە دەرەوەی قوتابخانە منداڵان داوای هاوکاری فێرکردنی زیاتر دەکەن، کۆمەڵگاکانی کارکردنی سەر پرۆگرامەکانی پەروەردەی نافەرمی و گەنجان دەبێت زیاد بکرێت لەوکاتەی قوتابخانەکان بۆ پەروەردەی فەرمی دامەزراون.
- هەروەها کەم و کورتیەکی بەرچاو هەیە لە بارەی کورسیەکان بۆ قوتابخانەکانی کە دامەزراون لە خێوەتگەکان. بەشی پەروەردەی دهۆك دەیخەملێنێت کە قوتابخانەکانی خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکان داوای زیاتر لە ٩٠٠٠ کورسی خوێندن دەکەن.

وەڵامدانەوە:

- چاککردنەوەی بچووك و خاوێنکردنەوە تەواو کراوە لە زیاتر لە ١٣٠ قوتابخانە کە بەم دواییە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان چۆڵکراون لە سەرتاسەری وولات. کە ئەمەش دەست گەیشتن بۆ ژینگەکانی فێربوونی پەروەردە دابین دەکات بۆ زیاتر لە ٩٥٠٠٠ منداڵانی کۆمەڵگای خانەخوێی زیانبەرکەوتوو بەهۆی قەیرانەکە.
- هاوکارێك بەم دواییە ١٣٠ کەرڤانەی بەخشیوە بۆ ئەوەی چەسپ بکرێن بۆ مەبەستەکانی پەروەردە لەسەرتاسەری پارێزگای هەولێر. ئەمەش توانای دامەزراندنی ١٠ قوتابخانە و دابین کردنی دەست گەیشتن بە پەروەردە بۆ زیاتر لە ٨٠٠٠ منداڵانی ناو خێوەتگە و دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگەیە.
- بنیاتنان بەردەوامی هەیە بۆ ٢٥ قوتابخانەی فابریکی تر لە خێوەتگەکان و دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. پێشبینی دەکرێت کەوا تەواو بێت لە مانگی شوباتی ٢٠١٥، ئەو قوتابخانانە ژینگەی فێربوونی زیاتر دابین دەکەن بۆ ٢١٠٠٠ منداڵ.
- پرۆگرامێکی ڕاهێنان پێکردنی ڕاهێنەران لەسەر پەروەردە لە فریاکەوتنەکان، و هاوکاری کۆمەڵایەتی دەروونی و جولەپێکردنی کۆمەڵگا جێبەجێ کراوە بۆ سێ مامۆستا لە دهۆك و لە هەولێر. لەسەر تەواوکردنی ئەو مامۆستایانە کەوا مەشق بە مامۆستاکانی تر دەکەن لە ١٩ قوتابخانە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

## کەل و پەلەکان

وەڵامدانەوە:

- گروپی کەل و پەلەکان کە پاڵپشتی دارایی کردووە بۆ بەرزکردنەوەی کۆمەکی کەل و پەلەکانی وەرزی زستانە بە ڕێگای ئاسمانی لە دوبەیەوە کە لە ڕۆژی ١٥ی دیسەمبەر گەیشت. یەك بەرزکردنەوەی کۆمەکی تر لە قۆناغی پلاندایە لەگەڵ ڕەشماڵەکانی بەزستان کراو، پلانی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی بگاتە جێ لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم.
- جل و بەرگی گەرمی زستان لە دهۆك نێردراوە هەروەك لە ڕۆژی ١٦ی دیسەمبەر. بارهەڵگرێکی کۆمەکیەکانی پەروەردە لە مەخزەن دا چاوەڕێ دەکات بۆ ئەوەی بنێردرێت.
- گروپی کەل و پەل گەشتی ئاسمانی دابین کردووە و بەڵگەنامەکانی ڕێك و دروستی بۆ هەر داواکاریەکی ئەمن و ئاسایشی فرۆکەخانە – بۆ سێ بەرزکردنەوەی کۆمەکی لە لاهۆری بۆ هەولێر کە تیایدا ٣٦٠٠ پێداویستی کەل و پەلی وەرزی زستانەی تێدایە. هەروەك ڕاپۆرت دەکرێت کە، ٧ لە ٨ گەشتی ئاسمانی گەیشتوونەتە هەولێر. گەشتی کۆتا خشتەی بۆ دانراوە کەوا لە ڕۆژی ٢٠ی دیسەمبەر بگات.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای خزمەتگوزاریەکانی فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی فریاگوزاری کردووە. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی کەسایەتی مرۆیی لەسەر زەوی باشتر دەکات. لەوکاتەی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لە خێوەتگەکان ڕێگە بە ڕێکخراوەکان دەدات بۆ هەماهەنگی کردنی ئۆپەراسیۆنەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر .

وەڵامدانەوە:

- تیمی گروپی پەیوەندی فریاگوزاری شارەزایانی پەیوەندی دووره دەست کەناڵی زیاتری ناردووه بۆ تۆڕەکانی ڕادیۆی ژمارەیی و دووباره وەڵامدەرەوەی ڕێکخراوی یۆنامی داناوەتەوە لە سلێمانی. ئەمەش گرتنه خۆی ڕادیۆی ژمارەیی و ئەنەلۆگی زیاتردابین دەکات بۆ کۆمەڵگای مرۆیی لەو ناوچەیە.
- گروپی پەیوەندی فریاگوزاری مەشقی ڕادیۆ دابین دەکات لە دانیشتنەکانی ڕێکخراو لەسەر بنەمای بەردەوام لەلایەن ڕێکخراوی یۆنامی.
- ڕادیۆی VHF بۆ ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆگرامیان بۆ دانراوە بۆ باوترینی ستانداردی گروپی پەیوەندی فریاگوزاری بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و بۆ تەواو بەکارهێنانی لەخۆگرتنی ڕادیۆی زیادکراو.
- تاوەکو ئیمرۆ زیاتر لە ١٣٠ بەکارهێنەران تۆمارکراون لە سیستەمی بەستانەوەی ئینتەرنێتی بێ تەلی گروپی پەیوەندی فریاگوزاری کەوا بەرجەسته کراوه بۆ هەموو ڕێکخراوه مرۆییەکان لە سێ ناوچەی سەرەکی ئۆپەراسیۆن: لە خێوەتگەکانی دۆمیز و عەربەت، هەروەها لە خێوەتگەی گواستنەوەی نزیك عەربەت.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەڵبژاردەکانی گەشت بۆ هاوردەکردنی برێکی گەورەی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بە سنورداری دەمێنێتەوە، ناردنی خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری مرۆیی دوا دەخات.
- کەم وکورتیەك هەیە لە لەرلەرەکانی ڕادیۆ لە هەولێر. ڕێکخراوی یۆنامی، لە جیاتی گروپی پەیوەندی فریاگوزاری، داوای زیاتری کردووه لە حکومەت و ڕەزامەندی هەڵپەسێردراوە.

## هەماهەنگی گشتی

ناوەندی فریاگوزاری وەڵامدانەوەی پاڵپشتی دارایی ڕەزامەندی تەواوی داوه لەسەر ڕادەست کردنی یانزه پرۆژه بۆ حەوت ئاژانس کە کاردەکەن لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و تەندروستی و ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی و پاراستن و ئەمن ئاسایشی خۆراك. پرۆژه ڕەزامەندی لەسەر دراوەکان کە دەکاتە بری ١٤،٩ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ وەڵامدانەوەی هەماهەنگی کراو بۆ خەڵکانی ئاوارەی نوێ لە کەرکوك و سلێمانی و دیاله ( بەشێوەیەکی سەرەکی لە خانەقین و کفری) و ئەنبار.

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**
لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووه لەوانە موسڵ، سەڵاحەدین و دیاله. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەره و شنگال و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلوجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی کانوونی دووەم ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوەخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە ٢ ملیۆن ئاواره هەن لەوەتەی مانگی کانوونی دووەمی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,
مۆبایل عێراق: +964 (0) 750 312 9201
دەیڤد سوانسۆن، بەرپرسی زانیاری گشتی، swanson@un.org
مۆبایل عێراق: +964 (0) 750-377-0849
بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆری کۆمەڵایەتی تویتەر@OCHAIraq
بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:https://iraq.humanitarianresponse.info